

## وەرزشکاران پشتگیریی پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەن

# هەمووومان
# پێشمەرگەین

لەگەڵ دەستپێکی هێرشەکانی چەکدارانی تیرۆریستی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی بەشێك لە خاکی کوردستان، لە ئێستاشدا پێشمەرگەکانی کوردستان لە سەنگەری بەرگریدان، رۆژ بەرۆژیش پشتگیری کردن لە پێشمەرگە قارەمانەکان بەرفراوان دەبێت لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان، وەرزشکارانی کوردستانیش وەکو خۆیان بە توێژێکی گرنگی کاریگەر دەزانن کە خاوەن ژمارەیەکی زۆری هەواداری وەرزشـــین لە شارەکانی کوردستان، بۆیە لە ئێستادا وەرزشکارانیش پشتگیریی خۆیان بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان دووپاتکردەوە و ئامادەییان دەربڕی بۆ گەیشتن بە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری کردن و خۆیان وەکو پێشمەرگە ناساند، بۆ ئەم مەبەستەش گۆڤاری گوڵان ئەم ڕاپۆرتەی ئەنجامداوە و بۆچوونی وەرزشکارانی وەرگرتووە .



**تاهیر خۆشناو وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر لە بارەی بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان گوتی:**
وەرزشوانانی کوردستان هەردەم لە پێناو پاراستن لە خاکی پیرۆزی کوردستان جێگای پەنجەیان دیار بووە، ئێستاکەش پشتیگری لە پێشمەرگە قارەمانەکانمان دەکەین، ئێمە وەکو وەرزشوانان هەمیشە پاڵپشت و پەنای پێشمەرگە بووینە بۆ پاراستنی خاکمان چینی وەرزشوانان شەهیدیان داوە لەم پێناوەدا، بۆیە هەر کاتێك پێویست بکات ئێمە وەکو وەرزشکارانی دێرینیش ئامادەین بە چەکەوە بەرگری لە نەتەوە و خاك و هاووڵاتیانمان بکەین و هەموومان پێشمەرگەین بۆ کوردستان.





**د. ئەحمەد کۆچەر مامۆستای زانکۆی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەڵاحەدین گوتی:** ئێمە قەرزداری برا پێشمەرگەکانین و کاتێك سەیری ئەوان دەکەین بە چ جۆرێك داستان لە بەرەکانی جەنگ تۆمار دەکەن هەست بە شانازی و سەربەرزی دەکەین، کە ئێمە خاوەنی ئەم جۆرە پێشمەرگەیەین، کە ئامادەن لە پێناوی خاك و نیشتمان خۆیان بکەنە قوربانی، بۆیە وەکو ئەرکێکی سەرشانم و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردن بڕیارم دا، کە لە کەمپەکانی بەرەی پێشەوەی جەنگ ئاسانکاری بۆ برا پێشمەرگەکان بکەم و هەموو شتێکیان بۆ دابین بکەم لە هەموو روویەکەوە تاکو هەموومان بە یەك دەست پارێزگاری لە ئازادی خاك و نیشتمان بکەین.





**فەتحی عەباس سەرۆکی یەکێتیی هێزی لەشی کوردستان گوتی:** ئێمە وەکو وەرزشکاران و یاریزانان ئامادەین بچینە بەرەکانی جەنگ و چەك هەڵگرین بۆ بەرگری کردن لە خاك و نیشتمان شان بە شانی برا پێشمەرگەکانمان بۆ ئەوەی ئاڵاکەمان بەرز و پیرۆز ڕاگرین، ڕێگا نادەین دوژمنانی کورد بە پێیە گلاوەکانیان خاکی پیرۆزی کوردستان پیس بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم خاکە بە خوێنی هەزاران شەهید ئاودراوە، ئێستا ئێمە بەرهەمەکەی دەخۆین، لەرۆژانی ئاسایی بە وەرزش ناوی کوردستانمان بەرز کردەوە ئێستا نیشتمانەکەمان پێویستی بە خوێنی ئێمەیە ئامادەین تا دوا هەناسە بەرگری لە خاك و شەرەفمان بکەین، سەرشۆڕی بۆ دوژمنان و سەربەرزی بۆ کوردستان، لە ئێستاوەش ئامادەین بەچەکی خۆمان بەرگری بکەین هەر کاتێك و ساتێك پێویست بکات دەچینە بەرەکانی جەنگ.






**ڕۆژگار زرار یاریزانی پیشەگەری کورد لە وڵاتی نەمسا گوتی:** شانازییەکی گەورەیە بۆ من کە خزمەتی خاکی پیرۆزی کوردستان بکەم شان بە شانی برا پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان، ئەگەر ئێمە لەسەنگەری بەرگریش نەبین هەمووکات دڵمان لەلای ئەوانە، هەرکاتێك پێویست بکات ئامادەین بگەڕێینەوە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی هاوکاریی برا پێشمەرگەکانمان بین لە بەرگری کردن لە کوردستان و هەموو تیرۆریستانیش ناتوانین ئێمە لە خاکی کوردستان دوورخەنەوە، ئامادەشم بێمەوە کوردستان و چەکی شەرەف لە شان بکەم بۆ بەرگری کردن لە برا پێشمەرگەکان.



**جەواد جەعفەر یابە بەهێزترین پیاوی کوردستان گوتی:** من وەکو بەهێزترین پیاوی کوردستان لەسەرەتای ڕۆژەکانی دەست پێکردنی هێرشەکانی تیرۆریستان بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان من لەگەڵ خانەوادەکەم بە چەکی خۆم لە سەنگەرەکانی بەرگری بوویمە بۆ خزمەت کردنی کوردستان کە ئەوەش بە ئەرکی نیشتمانی خۆمانی دەزانم، وەکو پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانیش من لەبەرەکانی جەنگ بوویمە بەرگریم لە خاکی کوردستان کردووە، وەکو وەرزشکارێك بڕیاری ئەوەم داوە تاکو دوایین هەناسە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکەم، هەموو کاتیش خوێنمان فیدا دەکەین بۆ کوردستان، بەرگری کردن لە خاکی پیرۆز و هاوکاری کردنی پێشمەرگەکان ئەرکێکی نیشتمانییە، بەڵام بەداخەوە بۆ هەندێك لە وەرزشوانان کە نەهاتن بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان تەنیا بۆ وێنە گرتن هاتبوون، هەرکاتێکیش بۆ هەر شوێنێکی تر بێت ئێمە ئامادەین خزمەت بکەین.





**دەریا دارا کچە یاریزانی تۆپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر گوتی:** هەموو کات ئامادەم وەکو کچە وەرزشوانێك بچمە بەرەکانی جەنگ هاوکاریی برا پێشمەرگەکانی خۆمان بکەین بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان، لە شاری سلێمانیش وەکو خۆبەش ناوی خۆم تۆمارکردووە بۆ ئەوەی بچمە بەرگری کردن لە خاکی کوردستان، هاوکاری کردنی پێشمەرگەش ئەرکێکی زۆر پیرۆزە، بەهیوای ئەوەم هەموو کچە وەرزشوانان بچنە بەرەکانی جەنگەوە بە هەر جۆرێك بێت خزمەتی ئەم کوردستانە بکەین و پێشمەرگە قارەمانەکانیش ئەرکێکی پیرۆزیان لەسەر شانە.





**گۆنا کەمال کچە یاریزانی تیپی فوتساڵی یانەی ئەفرۆدێت گوتی:** خزمەت کردنی کوردستان و ئامادەبوون بۆ بەرگری کردن ئەرکێکی نیشتیمانی وئاینییە و لەسەر هەموومان پێویستە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکەین، هیچ کەس ناتوانی خاکمان داگیر بکات، ئێمەش وەکو کچە وەرزشکارانی کوردستان ئامادەین هەر کات پێویست بکات بچینە بەرەکانی پێشەوەی بەرگری لە خاك شان بە شان برا پێشمەرگە قارەمانە گیان لەسەر دەستەکان، بەرگری کردن لە کوردستان ئەرکی خۆمانە، هەر کاتێك ئەوان بڵێن ئێمە ئامادەین.




**دانا جومعە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی لەشجوانیی هەولێر گوتی:** ئێمە وەکو وەرزشکارانی لەشجوانیی لە شاری هەولێر دەتوانین هەموو کات بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکەن، ئێمەش شان بە شانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ئامادەین چەك هەڵگرین و بچینە بەرەکانی پێشەوەی بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان، بەهیوای ئەوەم سەرجەم وەرزشکاران بێنە سەنگەری بەرگری هەر کاتێکیش پێویست بکات و کاریان بە ئێمە بێت ئامادەین گیانی خۆمان بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان بەخت بکەین.




**شەمام سەمەد کچە یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گوتی:** من وەکو کچە یاریزانێك ئامادەم لە ئێستاوە بچمە بەرەکانی جەنگ، کۆمەڵێك کچە یاریزانانیش ئەو ئامادەباشییەمان تێدایە کە بچین شان بە شانی برا پێشمەرگەکانی کوردستان، هەر کاتێکیش پێویست بکات ئێمە دەچینە خزمەت کردنی خاکی کوردستان.







**هەرێم بورهان یاریزانی یانەی سلێمانی ئەمیش بە دڵنیاییەوە گوتی:** هەموومان پێشمەرگەین و نەوەی ئەم وڵاتەین، هەرگیز رێگە بە دوژمنان نادەین ڕووبەڕووی خاك و وڵاتمان ببنەوە، ئێمەی وەرزشوانان لە هەرکات و ساتێکدا کە پێویست بکات ئامادەین بچینە بەرەکانی جەنگەوە و گیانی خۆمان فیدای خاکی کوردستان بکەین، چونکە لە ئێستادا دەبێ هەموومان یەك دەست بین بۆ پارێزگاری کردن لە کوردستان و سەرکەوتنی سەرتاسەری هەر بۆ کوردستانە، ئێمەش هەمووکات ئامادەین بۆ بەرگری کردن لە کوردستان.



**فاتیمە کاوە کچە یاریزانی گۆرەپان و مەیدانی یانەی هەولێر گوتی:** من وەکو کچە یاریزانێك هەردەم ئامادەم پارێزگاری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکەم، چونکە ئەم خاکە ئەرکی لەسەر ئێمە هەیە دەبێت بە دڵ و بە گیان پارێزگاری لێبکەین بۆ ئەوەی لە دەستی تیرۆریستان بپارێزین و رێگە نەدەین دووبارە خوێنی گەلی کورد لە ژێر دەستی ئەوان برژێت، لێرەوە بە پێویستی دەزانم دەستخۆشی لە برا پێشمەرگەکانمان بکەین بۆ ئەوەی توانیان خاکی کوردستان بپارێزن و خۆیان کردە فیدای ئەم خاکە، بۆیە شایستەی هەموو شتێکن بۆیان بکرێت.



**عومەر مەجید راهێنەری دیاری کوردستان لەمبارەیەوە گوتی:** من وەکو وەرزشوانێك هەر لە سەرەتاوە چوومە سەنگەرەکانی شەڕ بۆ بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان وەکو خۆبەخشێك و پشتگیری خۆم بۆ برا پێشمەرگەکان دووپاتکردووە و ئێستاش خۆم بە خزمەتگوزاری ئەوان دەزانم وەکو خۆبەخشێك بەشداریم لە کەمپینێك کردووە بۆ خزمەتکردنی برا پێشمەرگەکان ئەمەش جێگەی خۆشحاڵییە، کە بتوانم خزمەتی ئەوان بکەم، چونکە هەر شتێك بۆ برا پێشمەرگەکان بکرێت هێشتا کەمە، بۆیە لێرەوە دووپاتی دەکەمەوە ئێمە نەوەی ئەم خاکین و هەردەم ئامادەین لە پێناویدا خۆمان بکەینە قوربانی تاوەکو نەوەکانی ئێمە بە ئازادی و خۆشی ژیان ببەنە سەر هەردەم دەڵێم وەرزشوانان دەبێت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ بەرز راگرتنی ناوی پێشمەرگە و پاراستنی خاکی کوردستان.



**میران خەسرۆ یاریزانی یانەی هەولێر گوتی:** وەکو یاریزانانی یانەی هەولێر هەردەم خۆمان بە پێشمەرگە زانیوە بۆ پاراستنی ئەم خاك و نیشتمانە بۆیە ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە بۆ پاراستنی وڵات، هەرچەندە ئێستا ئەگەر نەتوانین لەبەرەکانی جەنگ لەگەڵ برا پێشمەرگەکانمان بەشداری بکەین، ئەوە دەتوانین بە چەندین ڕێگەی تر خزمەتی ئەوان بکەین، بۆیە دەبێت ئێمە پاڵپشتی خۆمان بۆ ئەوان دووپات بکەینەوە و بەهەموو جۆرێك یارمەتیان بدەین، هەرچەندە من وەکو یاریزانی تۆپی پێی لە نێو یاریگا بەهەمان ورە بەرزی پێشمەرگە یاری دەکەین و خۆمان لە نێو یاریگا بە پێشمەرگە زانیوە.



**کۆسرەت بایز یاریزانی یانەی هەولێر:** ئێستا یانەی هەولێر لەبەردەم ئەرکێکی مێژوویی و نیشتمانی دایە لە جامی یەکێتی ئاسیا، بۆیە ئێمە وەکو یاریزانانی ئەم یانەیە کاتێك سەیری مەردایەتی و ئازایەتی و گیان فیدای برا پێشمەرگەکان دەکەین ورەیەکی بەرز دەبەخشێتە ئێمە وامان لێ دەکات لەم پاڵەوانێتیە تەنیا بۆ کوردستان یاری بکەین تاکو ئاڵا و ناوی کوردستان لە ئاسیا بەرز و شەکاوە بێت و بە هەموو جیهان بڵێین ئەوە برا پێشمەرگەکان لە بەرەکانی جەنگ لە پێناو ئازادی کوردستان جەنگ دەکەن ئێمەش لە پێناو بەرز ڕاگرتنی ئاڵا و ناوی وڵاتەکەمان لە نێو یاریگا دەجەنگین.



**دیدار حامد یاریزانی یانەی هەولێر:** پێشمەرگە بۆ هەموو جیهانی سەلماند، کە ئەوان خاوەن شتێکی زۆر گرنگن، کە لە زۆربەی سوپای جیهان ئەم شتە نییە ئەویش شەڕکردن لە پێناو خۆشەویستی خاك و نیشتمانە و بەرز ڕاگرتنی ناوی کوردستانە و ئامادەن خۆیان و خانەوادەکانیان بگەنە فیدای ئەم خاکە، لێرەوە پاڵپشتی خۆم بۆ برا پێشمەرگەکان دووپات دەکەمەوە و جەخت لەوە دەکەمەوە ئامادەم لە بەرەکانی جەنگ بەشداری بکەم و لە هەر کاتێکی پێویست لە ئامادە باشیدام، وەرزشوانانی کوردستان بە هەموو چین و توێژکانیانەوە ئامادەن لە پێناوی خاکی پیرۆزی کوردستان خۆیان فیدا بکەن و گیانی خۆیان بکەنە دیاری بۆ ئەم خاکە پیرۆزە.



**سیروان خدر یاریزانی یانەی هەولێر:** بەهەموو ڕوویەکەوە ئامادەم خزمەتی پێشمەرگە بکەم، چونکە ئەوان پاسەوانی ئەم وڵاتەن و خۆیان کردووتە فیدای خاك و نیشتمان، بۆیە من ئامادەم لە هەر کاتێکی پێویست بچمە بەرەکانی جەنگ بۆ پاراستن لە خاك و نیشتمان و ئەرکە لەسەر هەموو کوردێك بە تایبەتی وەرزشوانانی کوردستان، پێشمەرگە لە مێژوودا بەوە ناسراوە، کە خاوەن چەندین داستانە و هەردەم ڕزگارخوازی ئەم خاك و نیشتمانە بووە و هەردەم بە چەکی بچووك یاخود نەبوونی پارێزگاری لەم خاکە کردووە ئەمەش بۆ ئازایەتی و قارەمانیەتی ئەوان دەگەڕێتەوە، کە بڕیاریان داوە یان کوردستان یان نەمان واتە ڕێگە نەدەن دووژمنان و تیرۆریستان بێنە نێو خاکی کوردستان ئەمەش ئەوپەڕی دڵسۆزی و خۆشەویستی ئەوانە بۆ ئەم خاکە پیرۆزە.

